# نابێت ڕیگا بدەین، بارزانیو تاڵەبانی بەناوی "بەرەی موعتەدیل" ەوە خەڵکی کوردستان گیرۆدە بکەن بە شەری تائیفی نیوان باڵە جیاوازەکانی ئیسلامی سیاسیەوە !

پاش چوار ساڵ زیاتر لە شەڕو داگیرکاری ئەمەریکا لەعێراقدا، ئەمڕۆ هەلومەرجی عێراق لە هەموو کاتێك زیاتر بەرەو لێك ترازان دەروات. تەواوی بنەماکانی ژیانی کۆمەلگای مەدەنی لەبەین چون یان بەرەو نەمان دەچن. هیواو ئومێدێك کە لەلایەن ئەمەریکاو ئۆپۆزیسۆنی کۆنگرەی لەندەنەوە دەدرا بەخەڵکی عێراقو کوردستان، هەموویان بیٚ بناغە بوونو بیٚ بناغە دەرچوون. مژدەکانی لەمەڕ "دیموکراتیو مافی مرۆڤو نەمانی دیکتاتۆریو دەستەبەرکردنی ئازادی"!! ئەمڕۆ بۆ خەڵکی عێراق بۆتە جەنگێکی خوێناوی تیرۆریستیو تائیفیی، پەیدابونی دەستەو تاقمی ئینسان کوژو جەردەو مافیای جۆراوجۆری ئیسلامیو تائیفی ئەمە بەجیا لەوەی کە ڕودانی شەڕی قەومی هیچ بەربەرستێکی لە بەردەمدا نیە. بۆ خەڵکی کوردستانیش لەباری سیاسیەوە بۆتە چاوەڕوانیو بیٚ ئومێدی بە حکومەتێك کە لەبەغدا دەسەلاتدارەو کێبەرکیٚی قەومیشی بردۆتە ئاستێکەوە کە بیٚوینەیە لە ساڵی 1961وە تا ئێستا.

پرۆسێسێکی سیاسی کە چوار ساڵ زیاترە دەرواتو دێت بە ڕابەرایەتی ئەمەریکاو هاوبەشی گەرمی تالەبانی وبارزانی ئەمڕۆ بە بن بەست گەیشتوە. ئەم حەقیقەتە بۆ هەردووکیان و بۆ هەموو کەس ئاشکرایە. بەلام ئەمڕۆ بارزانیو تاڵەبانی لە چوارچیوەی هەمان پرۆسەداو پاش فەشەلی سیاسەتەکانی ئەمەریکا خەریکن یاری بە ئاگرێکی خەتەرناك تر دەکەن. ئەمڕۆ خەریکی پێکهێنانی بەرەیەکن لەگەل حزبی دەعواو شورای بالای شۆرشی ئیسلامی دا لە ژێر ناوی بەرەیەکی "معتدل" دا. ئەم سیاسەتە مایە پوچە. ماوەیەکە، لەدوای بلاوبونەوەی ڕاپۆرتی بیکەر–هاملتونەوە بەشێوەیەکی بەرفروانتر دەستیان کردوە بە خۆ نزیك کردنەوەو زیاتر جوت بون لەگەڵ ئێرانو ئیسلامی سیاسی شیعیدا، کە ڕاستەوخۆ ڕیشەی لە فەشەلی سیاسەتەکانی ئەمەریکادایە. پاش ئەوەی ئەمەریکا، بۆ وەستانەوە بەرانبەر بە دەسەڵاتی فراوانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەناوچەکەو بەتایبەت لە عیراقدا، وە بۆ فشار خستە سەری زیاتری لە پەیوەند بە کێشەی "ئەتۆمی"یەوە، هەروەها فشار بۆسەر ئیسلامی سیاسی شیعی لەعیراقدا بەگشتیو بەتایبەت باندە ڕەشو تیرۆریستەکەی صدر، ناچاربوو مل بدات بە هەندێك لە خواستو نیازەکانی ناسیونالیزمی عەرەبو حکومەتەکانی لەجیهانی عەرەبو نیوخۆی عێراقدا. بۆیە گۆران لەدەستور بوە گەرمترین باسی نیوان ڕەوتە سیاسیە بەشداربوەکانی نیو دەسەلاتی بەغداو دەرەوەی دەسەلاتو تەنانەت وولاتانی ناوچەکەو جیهانی عەرەبو ئەمەریکاو بەریتانیاش. لەمبارەوە فشارو زەختی ئەمەریکا بەشێك لە خواستو نیازەکانی یەکیتیو پارتی گرتەوە.

لە چوارچێوەی ئەم ئالۆگۆرە سیاسییە بناغەیانەدا کە لەسەرەتاوە ڕۆشن بوو، ئیمە چەند جار ئاگاداری بەرێزان بارزانیو تالەبانیو خەڵکی کوردستانمان کردۆتەوە کە ئەم ئالوگۆرانە نەك تەنها لە قازانجی خەڵکی کوردستاندا نیە، بەڵکو لە قازانجی یەکێتیو پارتیشدا نیە. بۆیە ڕێگای دروست ئەوەیە کە بۆ یەکجار بڕیاری خەڵکی کوردستان جێبەجیبکەن لە رفرانۆمێکی گشتیو ئازاد دا لە پەیوەند بە چارەنوسی سیاسی خۆیانەوە: کە ئایا جیا دەبنەوە لەعێراقو دەوڵەتێك پیکدەهێنن لەکوردستان یان لە چوارچیوەی عیراقدا دەمێننەوە بە مافی یەکسانەوە. بەڵام بارزانی وتالەبانی نەك درێژە دەدەن بە هەمان سیاسەتو ڕیگا بەڵکو ئەمڕۆ، هەندی هەڵوێستی سیاسی کاتی و مناوەری ئیسلامی سیاسی شیعی بەپاڵپشتی ئێران بۆتە تەواوی ئیستراتیژییانو خەریکن بە شێوەیەکی عەمەلیو ڕاستەوخۆ لە ریگای پیکهێنانی بەرەی" معتدل" وە بەتەواوی بەشداری دەکەن لە شەرێکی تائیفی دا کە ئەمرۆ بەریوە دەچێت لە ئاستی عێراقدا. بەشداری یەکیتیو پارتی لەبەرەیەکی وادا زۆر ڕۆشن بیانەوێت یان نا نیشانەی ئەوەیە کە هەردوو هێزەکە لەپال ئیسلامی سیاسی شیعیدان لەبەرانبەر ناسیونالیزمی عەرەبو ئیسلامی سیاسی سونیو تەواوی حکومەتانی عەرەبی "جگە لە سوریا" و هەروەها تورکیادا، لەلایەکی دیکەشەوە دەبنە بەشێك لە زەختو فشار بۆ سەر ئەمەریکای "دۆستیان" بەقازانجی ئیران. ئەم سیاسەتە ئەگەر بۆ ئیسلامی سیاسی شیعی مایەیەکی هەبێت کە کۆماری ئیسلامی ئێرانە ئەوا بۆئەوان بیٚ سیٚو دوو بیٚمایەیەو بە زەرەری خۆیان دەشکێەوە بەلام موسیبەت ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان باجی ئەم زەرەرانەی ئەوان دەدات تا ئێستا.

ئەم سیاسەتەی تالەبانی وبارزانی زەربەیەکی گەورە دەدات لە خەڵکی کوردستانو بەرژەوەندییەکانی هەروەکوو تا ئێستا زەربەی گەورەی لێکەوتوە لەئاستی جیهانیو نیوخۆدا. ئەم سیاسەتە گشت وەزعی سیاسی کوردستان زیاتر بەرەو سەرگەردانیو هەڵواسراوی دەباتو لەلایەکی دیکەشەوە ڕاستەوخۆ پەلی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی سونیو بنلادنی رادەکێشیت بۆ کوردستانو بیانوو دەدات کە کۆمەلگای کوردستان بکرێتە گۆرەپانی شەری تیرۆریستیو خەلکی کوردستانیش دەبنە قوربانی ئەم تیرۆریزمە. ئەمە بەجیا لەوەی کە

فەزای سیاسیو کۆمەلایەتی کوردستان بە قازانجی ئیسلامی سیاسیو فەرهەنگە کۆنەپەرستەکانی دەشکێتەوە لە کوردستان. بێ گومانیش گشت وەزعی سیاسیو ئەمنی عێراقیش بەرەو نەگبەتیو هەڵدیرێکی خەتەرناکتر دەباتو خەڵکی کوردستانیش دەکاتە تەرەفێکی ئەصلی شەری تائیفیو ئەم شەڕە فراوانترو گەرمتردەکات.

## خەڵکی ناڕازیو ستەمدیدەی کوردستان!

ئیوە تا ئێستا کەمتان نەگبەتیو ئەنفالو کیمیای بارانو ئاوارەیی نەدیوە، کەم لە رۆڵەکانی ئیوە نەبونەتە قوربانی شەری نیوان ئەم هێزانە. ئەم سیاسەتەی بارزانیو تاڵەبانی لە پێکهێنانی بەرەی" معتدل"یان، ئیوە دەخاتە بەردەم خەتەرێکی گەورەوە، کە چارەنوسەکەی نادیارە. بۆیە پیویستە ریزی خۆتان یەکگرتوو ریکخراو بکەن بەهەر شێوەیەك کە بۆتان مەیسەر دەبیت ناڕەزایەتی دەربڕن دژ بە پێکهینانی بەرەیەکی تائیفی کە ئێوە دەکاتە خەڵوزی شەرێك کە هیچ ئاگاداری نین. بەرە لەگەل ئەو هیزە کۆنەپەرستانەدا پێویستە پوچەل بکریتەوە، ئەو" بەرە ناموعتەدیلە" دژ بە ویستو خواستی ئیوەو گشت خەڵکی عیراقە. خەباتو نارەزایەتیەکانتان لە دەوری خواستی جیابونەوەی کوردستان و پیکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا یەکگرتوو بکەنو وەرنە مەیدانو ئەم سیاسەتە پوچەل بکەنەوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە ریزی خەباتی ئیوەدا بێووچان بەرژەندییەکانی ئیوە دەپارێزیتو رابەری دەکات.

**سامان کەریم**

**سەرۆکی مەکتەبی سیاسی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2007/7/12